# خەڵەتان

## هۆنراوەی نادر نادرپوور



گۆڕینی د. ناصح قەرەداخی (پێشتر:ئارام قەرەداخی)

ئەی ژیان ئەگەر دوا فێڵت نەبوا
ئێستا هەزار جار بەجێم هێشتبووی
پێش ئەوەی دیسان بانگم کەیتەوە
لەبەر پێی مەرگا فیدام کردبووی

هەرکە ویستوومە هیوات لێ ببڕم
کۆشی گەرمی خۆت بۆ کردوومەوە
گەرچی زانیومە هەمووشی فێڵە
بەڵام سەد جادووت تیا شاردوونەوە

غەیری ئەم فێڵە هیچت پێ نیە
بەڵام بەسەد رەنگ پۆششی ئەدەی
کە لەشەوو رۆژت بێزار ئەبم
جا ئەو بانگ ئەکەی دەستەمۆم بکەی

رۆژی پەچەی ئیشق ئەخەیتە سەر رووی
تا نووری هیوا باوێتە سەرم
رۆژی غرووری شیعرو هونەرە
تا خۆم هەڵکێشم بڵیم شاعیرم

بەدوای ئەم فێڵا ئێجگار دوا کەوتووم
چیتر نابەخشم بیانووی گوناهم
ئەی ژین درێغ گەر وازت لێ بێنم
پەنا بۆ دوافیڵی خۆت ئەهێنم
****

لە کتێبی "کاروانی از شعر" مهدی سهیلی